
# کاتە جیاوازەکانی گێڕانەوەو نووسین و خوێندنەوە

## لە چیرۆکی تارمایيەکانی باپیرمدا



**بەکر دەروێش**

**کاتی گێڕانەوە:**

گێڕانەوە لە چیرۆکدا واتە باسکردن و قسەکردن لەسەر ڕووداوێك، کە ڕویداوە یان لە ئانوساتی ڕووداندایە، یان ئەگەری ڕوودانی لە ئایندەدا هەیە، بێجگە لەوەی هەندێ جار خودی گێڕانەوە دەبێتە ڕووداو هەر خۆیشی دەبێتە چیرۆك، لێرەوە بە هیچ جۆرێك وێنای چیرۆکێك ناکرێت بێ ڕووداو بێت، ڕووداویش بێ شوێنکات نابێت. چیرۆك یانی ڕووداو، ڕووداویش پێویستی بە گێڕەرەوەیەك هەیە بیگێڕێتەوەو بیکاتە چیرۆك، هەڵبەتە هەموو ڕووداوێکیش کاتی ڕوودانەکەی جیاوازە لە کاتی گێڕانەوەکەی و کاتی گێڕانەوەش جیاوازە لە کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەو خوێندنەوە. کەوابوو ئەگەری ئەوە هەیە لە یەك چیرۆکدا زیاتر لە کاتێك هەبێت، یان کۆمەڵێ کات کە بە ئاستی جیاجیا دەردەکەون و دەبنە بەشێك لە تەکنیك و تاکتیکی چیرۆك، ئەم کاتانەش تەنیا لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا

دەردەکەون، گێڕانەوەکانیش باس لە ڕووداوەکان دەکەن، بۆیە زنجیرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان کاتەکان ڕادەکێشن و ئەوە نیشاندەدەن کەوا کاتەکان لەنێو جوڵەی ڕووداوەکاندان، کاتیش بێ جوگرافیاو شوێن نابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین بزوێنەرو داینەمۆی هەموو ئەمانە ڕووداوە بە خوێنەریشەوە، کە ئەویش کاتی خۆی جیاوازە لە سەرجەم کاتەکانی تر، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونانەی سەرەوەمان قسە لەسەر چیرۆکی تارماییەکانی باپیرم-ی محەمەد کەریم دەکەین، کە لە ئاینەدەی ژمارە 71 لاپەڕە 108دا بڵاوبووەتەوە. ئەم چیرۆکە باس لە بیرەوەری و خەیاڵی پیاوێك دەکات، کە تارماییەکانی باپیری بەری بینایان گرتووەو هەمیشە دێنە خەیاڵی و خەویان لێ حەرامکردووە. باپیری ئەم پیاوەی کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، تا هێزو توانای هەبووە هەر خەریکی دزی و جەردەیی و پیاوکوژی بووە، کاتێکیش پەکی کەوتووە، بووە بە کەسێکی ئیماندارو شەو و ڕۆژ خەریکی نوێژو تەقوا بووە. ئەم پیاوە خەڵك بۆ تەبەرك دەستیان ماچکردووەو بە پیاوێکی کەرامەتداریان زانیوە، ئەمەش لەلای خۆیەوە وەك دالێك ئاماژەیە بۆ چەند مەدلولێك، لەوانە دووفاقی و ناپاکیی نێو کۆمەڵ، شاردنەوەی تاوانەکان لەژێر پەردەی ئاییندا، سادەیی و ساکاریی هەندێك و فێڵبازیی هەندێکی تر، هەستکردن بە زوڵم و زۆریی باپیران و ئازاری ویژدانی نەوەکان، بەڵام ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین تەنیا قسەکردنە لەسەر کاتە جیاجیاکانی نێو ئەم چیرۆکە، بۆیە قسەکردنیشمان لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکە هەر لەم لایەنەوە دەبێت. پێش لەوەی قسە لەسەر هەر شتێك بکەین، دەبێ ئەوە بزانین، ئەو کەسەی کە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە کەسێکە ساتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەمەنی (52) ساڵەو خاوەنی ژن و ماڵە، ئەم پیاوە کە تارماییەکانی باپیری تووشی خەوزڕانیان کردووەو هەمیشە دێنە بەر بینایی و خەیاڵی، کاتێك کە باپیری مردووە ئەم تەمەنی (7) ساڵان بووە، واتە ئەو ڕووداوانەی کە ئەم پیاوە لەم چیرۆکەدا دەیانگێڕێتەوە بەلای کەمەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێش لە (45) ساڵ لە ساتی گێڕانەوەی ئەو ئێوارەیەی کە ئەو دەیانگێڕێتەوە، کە دواتریش ئەم کاتە چەند کاتێکی تری لێ دەبێتەوە، وەك کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەو زەمەنی خوێندنەوە، بێجگە لەوەی ئەو ڕووداوانەی گێڕەرەوە دەیانگێڕێتەوە، بێگومان لە کاتە جیاجیاکاندا ڕوویانداوە، کە لەسەرەتای گەنجیی باپیرییەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا دوا خوێندنەوە، کە ڕەنگە پەنجا ساڵی دیکە بێت، بێجگە لەمە لەنێو گێڕانەوە سەرەکییەکەدا چەند گێڕانەوەیەکی لاوەکیش هەن، وەك گێڕانەوەکانی نەنك و دایکی خودی گێڕەرەوەو خاڵۆی، کە ئەوانیش نێو بەنێو دێنە سەر شانۆی ڕووداوەکان و کارەکانی باپیری دەگێڕنەوە. کاتی ڕووداوەکان ئەو کاتانەن کە ڕووداوەکان تێیاندا ڕوویانداوە، بەڵام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە کە دواتر یەکێك دێت ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕەنگە جاری وا هەبێت ماوەی نێوان ڕووداوەکەو گێڕانەوەکەی دەیان ساڵ بێت، دوایش کاتێك نووسەرێك ئەو گێڕانەوەیە تۆمار دەکات و دەیکات بە تۆمارکراوێك، ئەمەش کارێکی تری گرنگە، چونکە لەوانەیە لەگەڵ کاتی

گێڕانەوەکاندا دەیان ساڵیان نێوان بێت. بێگومان ڕووداو لە ساتی قەومانییەوە تا ساتی تۆمارکردنی بە زنجیرەیەك کەمکردن و زیادکردندا تێدەپەڕێ، واتە ئەو ماوەیەی کە ڕووداو پێیدا تێدەپەڕێ، دواتر کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر ڕووداو و وەك خۆی نایهێڵنەوە، چونکە ئەوانەی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە هەندێ جار لێیان دەقرتێنن و هەندێ جاریش لێیان زیاددەکەن و دەیخەنە سەریان، ئیتر بەپێی میزاجی ئەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە یان دەینووسێ، بۆیە هیچ ڕووداوێك وەك خۆی تاسەر نامێنێتەوەو هیچ کەسێك ناتوانێ دەقاودەق وەك خۆی بیگێڕێتەوە، چونکە گێڕانەوە وەك کارێکی فیزیکی بە جەستەو دەروون و ئەقڵی ئینسانێکدا تێدەپەڕێ، بێگومان هەست و سۆزی ئەو مرۆڤە کاریگەریی خۆی لەسەر چۆنیەتیی گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەبێت. لەم چیرۆکەدا پاڵەوان خۆی بەسەرهاتەکانی خۆی ڕاستەوخۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو گێڕانەوەو بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکان لەلایەن کەسێکی ترەوە دەگێڕدرێتەوە، چیرۆکەکەش بەم پرسیارە دەستپێدەکات (نازانم بۆچی باپیرم لە ئێوارەوە بەرۆکی خەیاڵم بەرنادات؟) ئەم ڕستەیە وامان لێدەکات گومانی ئەوە بکەین و بپرسین، تۆ بڵێی ئەم حیکایەت و ڕیوایەتانەی ئەم پیاوە لەسەر باپیری دەیانگێڕیتەوە، هەمووی دەستهەڵبەستی خەیاڵی خۆی نەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان دواتر بۆ ڕووندەبێتەوە، گێڕەرەوە لەو ئێوارەیەدا کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە ( 52) ساڵ، ڕووداوەکانیش کە لە تەمەنی باپیریدا ڕوویانداوە، دابەش بوون بەسەر سەرجەم


محەمەد کەریم

تەمەنی باپیرەیدا، هەر لە گەنجییەوە تا دەگاتە ساتی کۆچکردنی، کە لەوانەیە پانتایی زیاتر لە سەد ساڵ لەخۆ بگرێ. کەوابوو درێژەی ئەو کاتەی کە هەموو ڕووداوەکانیان تێدا دەگێڕدرێتەوە دەکاتە زیاتر لە (152) ساڵ، واتە گێڕەرەوە لەو ئێوارەیەدا ڕووداوگەلێك بەسەردەکاتەوە، کە ڕەنگە بۆ پێش لەم کاتەش بگەڕێتەوە. لێرەوە دوای بەسەرکردنەوەی ڕۆژانی منداڵیی خۆی لەگەڵ باپیریدا یەکسەر بازدەدات بۆ کاتێکی دواتر، واتە دوای ئەوەی سەرەتا لە کاتی ئێستاوە دەستپێدەکات، بەڵام یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لەوێشەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی تر، ئەویش کاتی ئەو ڕووداوەیە کە دایکی لەسەر باوکی واتە باپیری گێڕەرەوە، دەیگێڕێتەوە کاتێك دەڵێت (باوکم بە چلەی هاوین دروێنەی دەکردو بەڕۆژووش دەبوو، نازانم لەکەیەوە باوکم ساڵ دوازدە مانگە بەڕۆژوو

دەبێت؟..)، لە دوای ئەم گێڕانەوەیەی دایکییەوە، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا. بۆ ئەو کاتەی کە خۆی تێیدایەو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دیسان لێرەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالّیی خۆی، کاتێك دیویەتی چۆن خالّۆی باپیری دەباتە سەر شۆرکەکەو دەیشوات، هەروەها ئەو سەردەمانەی کە لەبەر چاوی ئەم باپیری دوعاو نوشتەی بۆ خەڵك کردووەو ئەوانیش دەستیان ماچکردووە، تێکەڵکردنی ئەم هەموو کاتە بە شێوەیەك دارێژراوە نەبووەتە هۆی لەنگیی گێڕانەوەکە، چونکە ئەمانە هەموویان بە مێشکی گێڕەرەوەدا گوزەردەکەن، مێشکی مرۆڤیش هیچ کاتێك لەیەك ئاستا ناوەستیٚ، بەڵکو بەردەوام لەنێوان کاتە جیاوازەکاندا تەراتێن دەکات، لەمیانەوە بازدەدات بۆ ئەویان، بازدانی مێشکیش بەنێو کاتە جیاجیاکاندا جگە لە بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکان هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی دوو ڕووداوی جیاواز لەیەککاتدا بە مێشکی یەك ئینساندا گوزەرناکات، لەبەر ئەمە مێشك بۆ بەسەرکردنەوەیان ناچارە بەنێو کاتە جیاجیاکاندا بگەڕیٚ، کاتێکیش گوزەردەکات بە ئاسانی دێت و دەچێت. مرۆڤ هەست بە دابڕان لەنێوانیاندا ناکات، بۆیە لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەشدا هەست بە دابڕانی کاتەکان ناکەین. گێڕەرەوە کە لەوانەیە خودی چیرۆکنووسیش بێت مەبەستی لەم پاش و پێش خستنەی گێڕانەوەو کاتە ئەوەیە، تاکو گوێگر یان خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات، بۆیە زوو زوو لە شوێنێکەوە دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی ترو بە دیمەنە جیاجیاکانی ئاشنا دەکات. لێرەوە لەگەڵ گێڕانەوەو بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکاندا شوێنەکانیش دێن، چونکە کات ئەو پانتاییەیە، کە ڕووداو لەخۆی دەگریٚ، بۆیە بەسەرکردنەوەی هەر ڕووداوێك لەگەڵ خۆیدا کاتەکەشی دەهێنێت، بەمەش کەشوهەوای ئەو سەردەمە بە هەموو بوونەکانیەوە ئامادە دەبێت، کاتی خوێندنەوەش کە کاتێکی دواترە لە پرۆسەی نووسین و گێڕانەوە، ئەویش جیاواز دەبێت لەو کاتانەی پێش ئەم کەوتوون، مەرجیش نییە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا هەمان ڕووداو وەك ئەوەی نووسراوە وەرگریٚ و لەگەڵیدا تەبابێت.

لەوانەیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا تێهەڵچوونێکی جیاوازی هەبێت لەگەڵ ڕووداوەکاندا، لەوانەیە بەلایەوە جوان و سەرنجڕاکێش بێت، لەوانەشە بەدڵی نەبێت و ڕەخنەی لیٚ بگرێت، یان بۆ خۆی ئەویش لە کاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵیٚ ئیزافاتی دەروونی خۆی بخاتە سەر ڕووداوەکان و مانای جیاوازیان بداتیٚ، یان بۆی هەیە چیرۆکەکە بەگشتی ڕەفزکات، بۆ نموونە کاتێك خوێنەرێك دوای پەنجا ساڵ لە ئێستا دێت، چیرۆکی تارماییەکانی باپیرم دەخوێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە (200) ساڵ لە ساتی خوێندنەوەکە، واتە ئەو کاتەی کە ڕووداوەکانی تێدا قەوماوە، ئایا ئەم خوێنەرە کاتێك لە کاتێکی تردا ئەم چیرۆکە دووبارە دەگێڕێتەوە چۆنی دەگێڕێتەوە؟ ئایا دەقاو دەق وەك خۆی دەیگێڕێتەوە یان ئەویش کۆمەڵیٚ شتی تری دەخاتە سەر یان لێی دەقرتێنیٚ؟.

ئێمە دەزانین تەنانەت خوێندنەوەی یەك کەس بۆ یەك چیرۆك لە دوو کاتی جیاوازدا جیاواز دەبێت، چ جای ئەوەی دوو خوێندنەوەی جیاواز کە هی

دوو کەسی جیاواز بێت؟. لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکەو دەڵێین، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە باپیری گێڕەرەوەیە، قارەمانێکە بوون و نەبوونی لە دەستی گێڕەرەوەدایە، تەنیا لە چوارچێوەی گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەدا دەرئەکەوێ، واتە تەنیا ئەو دەتوانێ بیهێنێتە نێو پانتایی چیرۆکەکە. ئەم پاڵەوانە ئامادەیی و حزوری لە دەستی گێڕەرەوەدایە، بەمەش گێڕەرەوە خۆی لە پاڵەوان نزیك کردۆتەوەو حەزی ئەوەی هەیە خۆیشی جۆرێك لە پاڵەوانێتی بنوێنێ، لەبەر ئەوەی کچەزای پاڵەوانە بێ ئەوەی هەستی پێبکات ڕووداو و بەسەرهاتەکانی باپیری بە جۆرێك دەگێڕێتەوە کە بەئاشکرا لایەنگیریی لێ دەکات، بۆخۆشی وەها کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی خەیاڵەکانییەوە، وەك ئەوەی ڕووداوگەلێکی ڕاستەقینە بگێڕێتەوە ئاوایان دەگێڕێتەوە. کاتێك باس لە جەربەزەیی و ئازایەتی و چاونەترسیی باپیری دەکات بە لەززەتێکەوە باسی دەکات دەڵێی باسی خۆی دەکات. باس لەوە دەکات چۆن باپیری ڕێگای بە کابرای زەڕەنگەرو براکەی گرتووەو بە دەروونێکی ساردەوە هەردوکیانی کوشتووە، تەنانەت تاقە وشەیەکی ڕەخنەئامێز کە گێڕەرەوە لە باپیری گردبێتی لەم چیرۆکەدا ئەوەیە، کاتێك لە نیگای چاوی یەکێك لە کوژراوەکاندا ڕستەی (هەی نامەرد) دەبینێت، ئەمەشی بە شێوەیەك بە باپیری گوتووە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی سەرزەنشتکردنی، بۆی دەبێتە ڕستەی ستایش، ئەمەش لە کۆنەستی گێڕەرەوەوە دێت، بۆیە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ قوربانییەکاندا بێت، یان بەلای کەمەوە بێلایەن بێت، دەبێتە لایەنگری باپیری.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمە دەزانین کاتی گێڕانەوە کاتی نووسین نییە، چونکە لە هەموو چیرۆکەکەدا هچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نییە کەوا گێڕەرەوە لە کاتی گێڕانەوەکەیدا خەریکی نووسینی چیرۆکەکەی بێت، بۆیە ئەو گومانە دووبارە دەکەینەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بەسەرهات و کارانەی کە باپیری کردوویەتی هەمووی دەستهەڵبەستی خەیاڵی خۆی بێت، بەم شێوەیەش بۆمان هەیە بپرسین، ئەگەر گێڕەرەوە خزم و کەسی پاڵەوان نەبوایە، کێ دەڵێ ئەم ڕووداوانەی بەم شێوەیە دەگێڕایەوە؟ لەوانەبوو بە شێوەیەکی تر بیانگێڕێتەوە، نەك بەم شێوەیەی ئێستا!.. گێڕەرەوە بە هیچ شێوەیەك ڕەخنەی لە دزێوی و زۆرداریی باپیری نەگرتووە، بۆیە بە شێوەیەك ئاڕاستەی ڕووداوەکانی کێشاوە، کە لە خزمەتی ئازایەتی و سوارچاکیی باپیرەیدا بێت. بیرمان نەچێت لە کۆنی کۆندا خەڵکانێك هەبوون فەخرو شانازییان بە دزییەوە دەکردو خۆیان بەوەوە هەڵدەکێشا کەوا لە دزیدا کل لە چاوی ژنان دەڕفێنن!، گێڕەرەوەیش لەم لایەنەوە بۆ وەسفی ڕووداوەکان چووە، ئەمەشی لەوەوە ڕەچاوکردووە کەوا ئەو باسی سەردەمێکی کۆن دەکات، ئەم کارەش بۆ ئەوکاتە کارێکی ڕەوا بووە، دوای گێڕانەوەی ئەم زنجیرە حیکایەتانە خۆی لە خۆی دەپرسێ (چاو هەڵدێنم بزانم خەون بوو یان ڕاستی..) ئەو ڕووداوانەش ئەو دەیانگێڕێتەوە هەموویان باس لە ڕابردوو دەکەن. لێرەوە کە خۆیشی نازانێ ئەوەی دەیانگێڕێتەوە ڕاستین یان خەیاڵن، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی ترو بە گێڕانەوەیەکی تر دەستپێدەکات، ئەمجارەیان

ئەو کاتەیە کە باپیری بەسەر بەرماڵە جاجمەکەوەیەو تازە نوێژی لە حزوری خودادا دابەستووە. دیسان گورج دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەو ئێوارەیەی کە ڕووداوەکانی تێدا دەگێڕێتەوەو دەڵێ (ناوێرم چاو لێکنێمەوە) لە چی دەترسێ؟ پێم وابێ لەوە دەترسێ نەوەکو چاو لێکنێت و کۆمەڵێ کارو کرداری خەیاڵی تر بداتە پاڵ باپیرییەوە، کە لەوانەیە لە کاتێکی تردا ببنە هۆی ئازار بۆ ویژدانی. لەگەڵ ئەمەشدا کە چاو لەیەك نانێ، کەچی تارمایی پیاوێك کە هەر خودی باپیریەتی دێتە پێش چاوی، ناونیشانی چیرۆکەکەش تارماییەکانی باپیرمە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێ تارمایی، بێجگە لەوەی خودی تارمایی هێمایە بۆ کەسێك کە مەلامحی دەموچاوی دیار نییەو نابینرێت. لە خەیاڵەوە نزیکترە وەك ئەوەی لە واقیعەوە نزیك بێت، ئەوەتا ئەو سەرەتا تارمایی پیاوێك دەبینێ بۆ دزی و ڕاووڕوت دەچێت، پاشان وردە وردە بۆی دەردەکەوێ کە باپیریەتی. دەبینێ چۆن خێزانێك قەتڵوعام دەکات و تاقە کچەکەشیان لاقە دەکات، لێرەشدا بەوە دەزانێ باپیریەتی، چونکە پەنجە کەڵەی قرتاوە. بە دەرکەوتنی ئەم زانیارییە ئێرە بەجێدەهێڵێ و دەچێت بۆ کاتێکی تر، کاتی حیکایەتەکانی دایکی. دایکم وتی: کە باوکم گەنج بووە چووە بۆ داربڕین، بۆرە مارێك داویەتی بە پەنجەکەڵەی دەستی چەپیەوە، بۆ ئەوەی ژەهری مارەکە بە لەشیدا تەشەنەکە نەکات، خێرا دەستی خستۆتە سەر بڕەدارێك و یەك تەوراسی داوە لە پەنجەی و قرتاندوویەتی). ئەم پەرەگرافە بێجگە لەوەی بەردەوامبوونی یاریکردنە بە کات، مانایەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا دایکیشی لایەنگیری باوکیەتی، واتە باپیری گێڕەرەوە، ئەمیش وا وێنای دەکات کە کەسێکی ئازاو دلێرو چاونەترسە. ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەم چیرۆکە زۆری لەخۆ گرتووە، هەر لە کات و گێڕانەوەوە بیگرە تا دەگاتە فانتازیاو خەیاڵ و گێڕەرەوە، بێجگە لە باپیری، دایکی و خاڵۆی و بازرگانەکەو براکەی و خێزانەکەی و ئەسپەکان، ئەمانە هەموویان پاڵەوان و ڕۆڵیان لە تەواوکردنی چیرۆکەکەدا هەیە. گێڕەرەوە دڵنیا نییە لە ڕاستیی ئەو شتانەی کە لەسەر باپیری دەیگێڕێتەوە، بۆیە لە خۆی دەپرسێ (بەڵام دەشێ ئەمە تەنیا لە خەیاڵی دایکمدا بێت، خۆی ئەم چیرۆکەی بۆ مەسەلەی پەنجە قرتاندنەکەی باوکی داتاشیبێت؟) ئەم گومانەی کە دەیخاتە سەر خودی خۆی و ئەو ڕووداوانەی کە دەیانگێڕێتەوە ڕاستیی ئەو بۆچوونەی ئێمە دەسەلمێنێ، کە لە سەرەتاوە گوتمان لەوانەیە تەواوی ئەم چیرۆکە ڕووداوگەلێك بن کە لە خەیاڵدانی منالیی گێڕەرەوەدا پەنگیان خواردبێتەوەو لەو ساتەدا بێنە سەرو کەفوکوڵ بکەن، گێڕەرەوەیش بۆ ئەوەی لێیان ڕزگاری بێت بەم شێوەیە دەیانگێڕێتەوەو خۆی لێیان خاڵی دەکات، چونکە وەك لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ، گێڕەرەوە ساڵێکە توشی ئەم حاڵەتە بووە هەموو شەوێك تارماییەکانی باپیری دەبینێ، بێجگە لەمە ئەوەی تریش کە پشتیوانی لەم بۆچوونەمان دەکات ئەو پشتگیرییەیە کە گێڕەرەوە بەبێ ویستی خۆی لە باپیری دەیکات، کاتێك باسی ئازایەتیی باپیری دەکات و وا پیشانی دەدات کەوا کابرایەکی

تابلێی ئازاو چاونەترس بووە، هەروەها کۆمەڵێ بەڵگەی دیکە لەنێو خودی چیرۆکەکەوە پشتگیریی ئەم بۆچوونەمان دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن کەوا سەراپای ئەم چیرۆکە جگە لە خەیاڵێکی گێڕەرەوە هیچی تر نییە، چونکە وەك نەنکی دەڵێ بە بیرەوەریی ئەو باپیری ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی ئەوەی نەکردووە کە دەچێتە فلأنە شوێن یان فلأنە کاری بەدەستەوەیە، کە نەنکیشی لە باپیری پرسیوە پیاوەکە ئەوە لە کوێ بووی؟ بە ساردییەکەوە وتویەتی: لەم لایە... ئیتر ئەو ئەم ڕووداوانەی لە کێ بیستووەو لە کوێوە زانیویەتی باپیری ئەم هەموو کارەی کردووە؟ هەروەها لە دوا پەرەگرافی چیرۆکەکەشدا گێڕەرەوە وەك پاڵەوان لە تاو خەیاڵەکانی و تارماییەکانی باپیرەی هەڵدەستی گڵۆپەکە هەڵدەکا، کە سەیری ئاوێنەکە دەکات لەجیاتی ئەوەی وێنەی خۆی ببینێ، وێنەی باپیری دەبینێ کە لە تەویلەی ماینەکەدا بە کوتەکێکەوە وەستاوەو چاوەڕێیەتی ماینەکە بزێ، کە ماینەکەش دەزێ بە کوتەکێك جوانووەکەی دەکوژێ و دەڵێ (خوایە لێم مەگرە ڕقم لە زەیسانە ئەگەر ماینیش بێت..) دوایش هەر خۆی وەلأمی گومانەکانمان دەداتەوەو کاتێك دەڵێت، ساڵێك زیاترە هەتا خەو لە پەلوپۆم نەخات ناچمە سەر پێخەف، بۆ ئەوەی یەکسەر خەو بمباتەوەو تارماییەکانی باپیرم زەندەقم نەبەن.

**کاتی پاڵەوان:**

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کێیە؟ وەکو پێشتریش وتمان ئەم چیرۆکە بە گێڕانەوە دەستپێدەکاو بە گێڕانەوەش کۆتایی دێت، بۆیە پاڵەوانی چیرۆکەکە لەو جۆرە پاڵەوانە نییە کە خۆیان چیرۆکەکانیان ڕاستەوخۆ دەگێڕنەوە، بەڵکو پاڵەوان لەم چیرۆکەدا کەسێکە بوون و نەبوونی لە دەستی گێڕەرەوەدایە. ئەو بە ئارەزووی خۆی دەیهێنێت و دەیبات، بۆیە ئەمیش تەنیا ئەو کاتانە بە خوێنەر ئاشنا دەبێت و شێوەی دەردەکەوێ، بێجگە لەم حاڵەتانە ئیتر ئەو ناتوانێ وەك پاڵەوانێکی سەربەخۆ قسە لەسەر خۆی بکات. گێڕەرەوە کاتێك باپیری مردووە تەمەنی حەوت ساڵ بووە، کەوابوو گێڕەرەوە تەنیا ئەم ماوەیەی لەبیرە، ئەمەش دوا ساڵەکانی تەمەنی باپیری بووە، بۆیە ئێمە دەپرسین: ئایا باپیری تەمەنی چەند بووە کاتێك مردووە؟ لەوانەیە سەد ساڵ بێت، کەس نازانێ؟ بۆیە ئەو پانتاییەی دەکەوێتە پێش ئەم کاتەوە پانتاییەکی کراوەیە، جێگای زۆر ڕووداوی تێدا دەبێتەوە، بێجگە لەوەی تەنانەت گێڕەرەوەیش لەو گێڕەرەوانە نییە کە هەموو شتێك لەسەر پاڵەوان دەزانن و ژیان و مەرگی پاڵەوان لە دەستی ئەواندایە، بۆیە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە گێڕەرەوە ئەو ئێوارەیە لەژێر کاریگەریی هەر کارێکدا بووبێت، ئەم حیکایەتە خەیالأوییەی داڕشتووە، چونکە بەپێی لۆژیکی حیکایەتەکەش بێت ئەبێ ئەو سەرجەم ئەم حیکایەتەی لە خەڵکانی ترەوە بیستبێت، کە نزیکترینیان بنەماڵەکەی خۆیەتی وەك لە چیرۆکەکەشدا هاتووە، کەچی نەنکی دەڵێت پاڵەوان واتە باپیری گێڕەرەوە کابرایەکی کەمدوو و کەم قسە بووە، نهێنیی کاری خۆی لەلای ژن و مناڵەکانی باس نەکردووە، ئیتر دەبێ گێڕەرەوە ئەم حیکایەتانەی باپیری لە کێ بیستبێ؟ حیکایەتیش کە سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاشکرای

نەبوو، دەبێتە ئەفسانەو خەیاڵ، بۆیە گێـڕەرەوە تـەماحی ئـەوەی کـردووە شـان بەشـانی پاڵـەوان ئەمیش ببێتە پاڵەوان و بێجگە لە گێڕانەوە، ڕۆڵی پاڵەوانیـشی هـەبێت. بۆیـە ناچـار بـووە جـۆرە لۆژیکێـك بخاتـە پـاڵ گێڕانەوەکـەی، بـۆ ئـەوەی ئەگەری گومانیش لە خـۆی دوورخاتـەوە، پـەنای بردووتە بەر دایکی و خاڵۆی و نەنکی، بـەڵام ئـەو بـێ ئـەوەی بـە خـۆی بزانـێ، بـەم کـارەی زیـاتر گومانی خستووەتە سەر خۆی و چیرۆکەکە، بۆیە خوێنـەر هەسـت دەکـات لـە چـیرۆکەدا گەمەیـەك هەیە، کە گێڕەرەوە کردوویەتی، ئـەویش ئەوەیـە کەوا ویستویەتی ڕۆڵی خـۆی وەك گێڕەرەوەیـەك لەگـەڵ ڕۆڵـی پاڵەوانـدا بکاتـە یـەك و تـەنیا لـە دوورەوە سـەیری ڕووداوەکـان نـەکات، بـەڵکو کەسێکی ئەکتیڤ و چالاك بێت، هەموو شتێك لـە دەستی خۆیدا بێت. لێرەوە ئەمیش چەند جارێك خۆی لە کەسایەتیی بـاپیری نزیـك کردووەتـەوەو ویستویەتی خۆی وەك پاڵەوان پیـشان بـدات، بـۆ نموونـە ئـەمیش وەك بـاپیری (ژن) بەلایـەوە بایەخی نییـەو بـە کـەم سـەیری دەکـات، نـەنکی دەڵێ، کە پرسیارم لـێ دەکـرد (واتـە لـە بـاپیری گێـڕەرەوە) لـە کـوێ بـووی؟ لـەجیاتی وەڵامدانەوەیەکی تێرو تەسەل، بـە سـاردییەکەوە دەیـوت لـەم لایـە بـووم، بـە بێبایـەخی سـەیری ژنەکـەی کـردووەو بـەلای دەمێکـەوە وەڵامـی داوەتەوە، گێڕەرەوەیش لە سەرەتای گێڕانەوەی چـیرۆکەکەدا دەڵـێ، ژنەکـەم بـە شـێوازە بازاڕییەکـەی خـۆی وتـی: هـۆو کـابرا {دیقـەتی ڕسـتەی بـە شـێوازە بازاڕییەکـەی بـدە} لێـرەدا تێڕوانینـی خـۆی و بـاپیری سـەبارەت بـە ژن یەکدەگرنەوەو هەردووکیان بە یەك چاو تەماشای ژن دەکەن، کە ئـەویش بـێ نرخییـەتی، ئـەم دوو هەڵوێستە یەك ئەنجامیان هەیە، ئەمەش ئەوەمان بـۆ دەسـەلمێنێ کـەوا گێـڕەرەوە دەیـەوێ کەسایەتیی ئەویش وەك کەسایەتیی باپیری بێت، بۆیـە گێڕانـەوەی حیکایەتەکـەی بـەلای باپیریـدا شـکاندووەتەوە، بـەم شـێوەیەش پێمـان دەڵـێ ئێمـە هـەردووکمان یـەك کەسـایەتیمان هەیـە، ئەویش کەسایەتییەکی ئازاو چاونەترسە. تۆ بڵێی گێڕەرەوە بەم هەڵوێستەی کەسـایەتیی خـۆی و پاڵەوانی لەلا نـەبووبێت بەیـەك؟ کاتێـك بـاس لـە ئـەو دەکـات وابزانـێ بـاس لـە خـۆی دەکـات؟ کـەوابوو هەقمانـە بپرسـین: لـەم چـیرۆکەدا کـێ پاڵەوانە؟ بـۆ وەڵامـی پرسـیارەکەشمان دەڵـێین، ڕاستە پاڵەوانی چیرۆکەکە بـاپیری گێڕەرەوەیـە، بەڵام گێڕەرەوە کارێکی وای کردووە کەوا خۆشی بووەتە پاڵەوانی چیرۆکەکە، چونکە هێندە خـۆی لە باپیری نزیك کردووەتەوە دڵنیا نییە ئەوەی کە باسی دەکاو دەیبینێ خۆیـەتی یـان باپیریـەتی، بۆیە کاتێك تەماشای ئاوێنەکـە دەکـات لـەجیاتی خۆی وێنەی باپیری دەبینێ.

**کاتی نووسین:**

ئەم چـیرۆکە سـەرەڕای ئـەوەی بـە گێڕانـەوە دەسـتپێدەکات، گێـڕەرەوە لـە شـەوێکدا تارماییەکانی باپیری بەر بینایی دەگرن و خـەوی لێ دەزڕێنن، شـوێنەکەش مـاڵی خۆیـەتی. کاتێـك تارماییەکانی باپیری بێـزاری دەکـەن هەڵدەسـتێ گڵـۆپی ژوورەکـە هەڵـدەکا، دەبینـێ ژنەکـەی خەریکی جلشتنەو کـوڕە گەورەکەشـی تەماشـای تەلـەفزیۆن دەکـات، منداڵـە وردەکـانیش لـە ژوورەکەی خۆیـان، کـاتێکیش هەڵدەسێت نـاڵێ

هەستام تـا ئـەم چـیرۆکە بنووسـم یـان بـە هـیچ جۆرێـك باسـی قەڵـەم و کاغـەز ناکـات تـا ئێمـە تێبگەین هەستاوە بۆ نووسـینی چـیرۆکەکە، یـان گێڕەرەوە وەك پاڵەوانی زۆربەی چـیرۆکی ئـەمڕۆ نایەت بـاس لـە خـۆی و ڕووداوی نێـو چـیرۆکەکە بکـات تـا ئێمـە بـزانین خـودی چـیرۆکنووس و پاڵەوان یەك کەسن، کەوابوو کـێ نووسـەری ئـەم چـیرۆکەیە؟ لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـەوا گێڕەرەوە نییەو کەسێکی ترە، بۆیە ناچارین بـۆ دۆزینەوەی ئەو کەسە بگەڕێینەوە بۆ نێو خـودی گۆڤارەکە تا بزانین نـاوی کـێ لەسـەر چـیرۆکەکە نووسراوە، دەبینین ئەم چـیرۆکە نـاوی کەسـێکی لەسەرە بـەناوی (محەمـەد کـەریم) بـەبێ ئـەوەی وشەی نووسینی لەپێشەوە بێـت، کـەوابوو دەبـێ نووسەری ئەم چیرۆکە محەمەد کەریم بێت. ئێمـە لێـــرەدا هـــیچ باکگراونـــدێکمان لەســـەر ئـــەم چیرۆکنووســـە نییـــە و بـــۆ هەڵـــسەنگاندن و شیکردنەوەی چیرۆکەکەش هیچ میتۆدو ڕێبازێکی ڕەخنەییمان لەبەر دەستدا نییە، بۆیە تەنیا پشت بە خوێندنەوەی خۆمان دەبەستین و دەپرسین: ئایـا چـیرۆکنووس محەمـەد کـەریم کـەی ئـەم چـیرۆکەی نووسـیوە؟ ئایـا لـە خـودی ڕاوییـەوە گوێی لێ بووە یان لە کەسێکی تر؟ ئایا دوای ئـەو ئێوارەیـە کـە گێـڕەرەوە ئـەم حیکایەتانـەی گێرایەوە لە ماوەی چەندێکا نووسیویەتی؟ ئێمـە دەزانین ئەو ئێوارەیە کە ڕاوی ئەم حیکایەتانـەی گێڕایەوە جگە لـە ژن و منداڵەکانی کەسـی تـر لـە ماڵـەوە نـەبووە، ئـیتر کـەی چـیرۆکنووس ئـەم ڕووداوانـەی بیـست و کـەی کردنـی بـە چـیرۆك؟ کـەوابوو کـاتی نووسـینی ئـەم چـیرۆکە لـە کـاتی گێڕانەوەکـــەی جیـــاوازە، بـــەپێی ئەحداســـی چـــیرۆکەکە بێـــت دەبـــێ گێـــڕەرەوە خـــودی چیرۆکنووس بێت، ئەمـەش لـە چـیرۆکەکەدا هـیچ ئاماژەیـەکی بـۆ نـەکراوە، بۆیـە گریمـانی ئـەوە دەکـەین ئەگـەر بێتـو نووسـەری ئـەم چـیرۆکە محەمەد کەریم بێت ئەوە دەبێت لە کاتێکی ترداو لە شوێنێکی تردا گوێبیستی ئەم چیرۆکە بووبێت و تۆماری کردبێـت، ئەمـەش ئـەو پرسـیارەمان لێ قـووت دەکاتـەوە: تـۆ بڵێـی چـیرۆکنووس لـە نووسـینی چـیرۆکەکەدا کۆمـەڵێ شـتی زیـادەی نەخستبێتەسەری؟ یـان لێـی نەقرتانـدبێ و بـەم شێوەیەی ئێستای لێ نەکردبێ؟ ئەمـەش کـارێکی دوور نییە، لەوانەیە محەمەد کەریم ئەم چیرۆکەی چـەند سـاڵێك پـێش ئێـستا بیـستبێ، دواتـر هەسـتابێت بـە تۆمـارکردنی، ئێـستاش بـڵاوی کردبێتەوە، ئەم پرسیارانەش ئـیفترازی نـین و لـە ئـــەنجامی خوێندنـــەوەی چـــیرۆکەکەوە سـەریانهەڵداوە، بـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەش نەبێت ناتوانین بزانین کاتی نووسینی ئەم چیرۆکە کەیە و نووسەرەکەشی کێیەو کەی نووسیویەتی.

**ئەنجامی خوێندنەوەکەمان:**

نامـەوێ لـە کۆتاییـدا ئـەوەی پێـشتر وتومـە دووبارەی بکەمـەوە، بـەڵام بـەکورتی دەڵـێم بـەم خوێندنەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـە ئـەم چیرۆکە کۆمەڵێ کـاتی جیاجیـای لـەخۆ گرتـووە، کـــە هـــەموویان پێوەنـــدییان بـــە مـــەتنی گێڕانەوەکـــەوە هەیـــە، کـــە گێـــڕەرەوە پێـــی هەڵدەسـێت، بێجگـە لـەوەی بناغـەی چـیرۆکەکە بناغەیـــەکی خەیاڵییـــەو گێـــڕەرەوە هەوڵیـــداوە کەشوهەوایەکی واقیعانـەی بـداتێ، بەپێچەوانەی ئـــەوەوە کـــە لـــە واقیعـــەوە بـــۆ خـــەیاڵ بـــچێ

ویستویەتی لە خەیاڵەوە بگەڕێتەوە بۆ واقیع، ئەمەشی لەبەر ئەوە کردووە تا کەسایەتیی خۆی لە کەسایەتیی باپیری نزیکاتەوە، هەڵبەتە ئەمەشی لە ڕێگای لاشعورەوە کردووە، بەمەش کە باسی باپیری دەکات وا دەزانێ باسی کەسایەتیی خۆی دەکات، ئەمە پێوەندیی بە حاڵەتی دەروونیی گێڕەرەوە هەیە، کە زیاتر لە مەبەستێکی هەیە لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لە چوارچێوەی گێڕەرەوە تا ڕادەی کۆتایی پاڵەوانەکان (بێجگە لە باپیری دەتوانین خودی گێڕەرەوەو دایکی و خاڵۆی و ئەوانی تریش بە پاڵەوان بشوبهێنین) دەجوڵێنێ و بەپێی گێڕانەوەکە بەدەریان دەکەوێنێ، لەم چیرۆکەدا کاتی گێڕانەوە جیایە لە کاتی ڕووداو، هەردووکیشیان جیان لە کاتی نووسین و خوێندنەوە، هەروەها گێڕەرەوە بەنێو کاتە جیاجیاکاندا هاتوچۆی زۆری کردووە، ئەمەشی لە چوارچێوەی بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکانەوە کردووە، شوێن لەم چیرۆکەدا بازنەییەو لە خاڵێکی بچوکەوە دەستپێدەکات و وەك هەڵقەی سەر ئاو گەورە دەبێتەوەو دەبێتە بازنەیەك، کە لەنێویدا ڕووداوگەلی جیاجیا ڕوودەدەن و کۆی چیرۆکەکە پێکدێنن، خاڵی یەکەمیش نێو مێشکی گێڕەرەوەیەو لەوێوە هەڵقەکە گەورە دەبێت، هەروەها لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە توانیویەتی خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بهاوێتە نێو گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە تا قەناعەتی پێبکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕووداوگەلێکی واقعییە ڕوویانداوەو گێڕەرەوە هەموویانی بە چاوی خۆی بینیوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا گێڕەرەوە نەك چیرۆکنووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و کارو کردەوەکانی باپیری بەم شێوەیە مەبەستی چییە؟ ئێمە وەك پێشتریش وتمان لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا تەنیا مامەڵە لەگەڵ بونیادی چیرۆکەکەدا دەکەین و هیچ هەقێکمان بەسەر دەرەوەی چیرۆکەکەوە نییە، ئەمە تێگەیشتنی ئێمەیە لەم خوێندنەوەیەدا، بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکەماندا دەڵێین گێڕەرەوە کەسایەتیی خۆی و باپیری لێ بووە بە یەك، بۆیە ئاوا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش بەمەرجێ ئەگەر چیرۆکنووس گێڕانەوەی ڕووداوەکانی وەك خۆی تۆمار کردبێت و هیچ زیادەیەکی نەخستبێتە سەری.

